# وانەی ٥ :  باشی بکە.  لە کردەوەی بێ فیزانە و ملکەچانە بۆ خودا تووشی بووی.

١.  لە نوێژ بۆ خودا دەست پێ بکەن: ستایش، شکۆپێدان، سوپاسی خوا کردن، خواپەرستن، داواکردنی بۆ ئامۆژگاری دەربارەی ئەم وانەکە

٢.  گۆرانی نوێ فێری بکەن.

*لە ژێر خاچ دا کڕنۆش ئەبەم*

لـە ژێــــــر خـاچــــــدا کرنـــــــۆش ئـەبـەم، ئازارەکانــــــت ســــــەیر ئـەکـەم
کـــــاتێ دڵـــــتەنگم دێـــــم بـــــۆ لات، چـــــونکە ئـەزانـــــم زوو چـــــاک ئـەبـــــم

**بە ئـــــــازارت چـــــاک بـــــووم، بە ئـــــــازارت چـــــاک بـــــووم (٢)**

گـەر هـەر تـــــــاوانێکم کردبـــــــێ، ویژدانـــــــی برینــــــــدار کـــــــردبم
ژیـــــانی منـــــی پـــــێ لێـــــڵ بـــــووبێ، ئـــــاوا دڵـــــم بە تـــــۆ خـــــۆش دەبـــــێ

نـــــــاوت هـەمیشـــــــە بـەرز دەکـەم، لـە خـــــــاچ دا ژیـــــــان بـەدی ئـەکـەم
ئـەو ژیـــــــانەی ئـەمبزوێنـــــــێ، مـــــــۆمێکی تـــــــازە هەڵـــــــدەکەم

٣.  لە گۆرانی ڕابوردوو بیربکەنەوە.

*بانگی ناوت دەکەین*

بـــانگی نـــاوت دەکـەیـــن شـکۆت بـەرز دەکـەیـــن
بـــانگی نـــاوت دەکـەیـــن شـکۆت بـەرز دەکـەیـــن
باشـــــــــیت دەردەخـەیـــــــــن
باشـــــیت دەردەخـەیـــــن (عیســـــا، عیســـــا)

ڕووی تـــۆ داوا دەکـەیـــن پـەیمـــان بـەجـــێ بێـنـە
ڕووی تـــۆ داوا دەکـەیـــن پـەیمـــان بـەجـــێ بێـنـە
بـە ڕۆح پڕمـــــــــان بـــــــــکە
بـە ڕۆح پڕمـــــان بـــــکە (عیســـــا، عیســـــا)

*عیسا تۆ بووی بە ڕووناکی بۆ ئێمە*

عیسا تۆ بووی بە ڕووناکی بۆ ئێمە
عیسا تۆ بووی بە ڕێی ڕاستی بۆ ئێمە

**ڕۆحمان بەرێ هێزمان بەرێ ئەی خوامان با ناوی تۆ بەرز بکەین لە جیهان**

هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ ڕاستی
هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ ڕێگای

هەللێلویا عیسای مەسیح هەر تۆ شای
هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ خودای

هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ توانای
هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ خودای

**٤. لە بەندی ڕابوردوو بیربکەنەوە.**

**مەتا ٢٨: ١٨-٢٠** [١٨] عیسا لێیان نزیک‌بۆوە و قسەی بۆ کردن: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. [١٩] کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویان‌هەڵبکێشن، [٢٠] فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، تاکو کۆتایی ڕۆژگار.)

**٥. ئایە بەرپرسیاری ڕابوردوون دەکرد؟ (بجێی خەشت؟) چیت فێرکردووە، کەسێکیتر فێرێ بکە.**

**٦. کیتابی پیرۆزی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە.**

**پەترۆس١ ٢: ١٣-٢٠** [١٣] لەبەر خوداوەند ملکەچی هەموو دەزگایەکی مرۆڤانە بن: بۆ پاشا وەک دەسەڵاتدار، [١٤] یان بۆ پارێزگاران وەک نێردراوی ئەو بۆ سزادانی بەدکاران و ستایشی چاکەکاران. [١٥] چونکە خواستی خودا ئاوایە، بە چاکەکاری نەزانی گێلەکان بێدەنگ بکەن.
[١٦] وەک مرۆڤی ئازاد بژین، بەڵام نەک ئازادی پەردەی بەدکاری بێت، بەڵکو وەک بەندەی خودا بژین. [١٧] ڕێز لە هەمووان بگرن، هاوباوەڕانتان خۆشبووێ، لە خودا بترسن، ڕێز لە پاشا بگرن.

[١٨] ئەی کۆیلەکان، بە هەموو ترسەوە ملکەچی گەورەکانتان بن، نەک تەنها بۆ چاک و دڵنەرمەکان، بەڵکو بۆ توندەکانیش، [١٩] چونکە ئەگەر کەسێک لەبەر ویژدانی بەرامبەر خودا بەرگەی ژانی ئازاری زۆرداری بگرێت، ئەمە جێی ستایشە. [٢٠] بەڵام ئەگەر هەڵەتان کرد و لێتان درا و بەرگەتان گرت، ئەمە چ شانازییەکە؟ بۆیە ئەگەر چاکە بکەن و لە ئازاردا بەرگەتان گرت، ئەمە جێی ستایشە لەلای خودا.

بەرپرسیاری:   دۆعای باش بۆ دوژمنی بکە و داوای لێخۆشبوونی بکە.

٧. فێری بەندی نوێ بکە.  پەترۆس١ ٢: ٢٠  [٢٠] بەڵام ئەگەر هەڵەتان کرد و لێتان درا و بەرگەتان گرت، ئەمە چ شانازییەکە؟ بۆیە ئەگەر چاکە بکەن و لە ئازاردا بەرگەتان گرت، ئەمە جێی ستایشە لەلای خودا.

٨. بیرکردنەوە لە گۆرانی نوێ.  *لە ژێر خاچ دا کڕنۆش ئەبەم*

٩. لە خوێندنەکە لەگەڵ داواکردنەکانی و ماوەیەکی نوێژ تەواو بکەن.


کۆمەڵەی ڕێگای راستودرووستی

rrd2011@yahoo.com          www.rrdk.org


شەش وانەکانی لە کیتابی پیرۆز بۆ باوەردارانی نوێ

٢٠١٦


New Testament Kurdish (Sorani)
Standard Version
Biblica 2011